www.kurdistannet.org
12/01/2002 23:28

## هه‌ڵدانه‌وه‌ی لا په‌ڕه‌یه‌کی کۆن

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

٢٠٠٢/١/١٠

ساتیرنووس ئه‌گه‌ر خاوه‌نی مه‌سه‌له‌یه‌ك ده‌بێ، ده‌بێته قۆشمه‌چی، هونه‌ری ساتیرنووسین، له هونه‌ری نووسینی ڕه‌خنه، شیعر و چیرۆکی ئاسایی دژوارتره، ئاخر ساتیرنووس وێرای هه‌موو خه‌سله‌ته‌کانی ڕه‌خنه‌گر، شاعیر، یان چیرۆکنووس، ده‌بێ خوێنیشی شیرین بێ.(١)

که هاوینی ١٩٣٣ گۆران شیعری (گۆران) له ئینگلیزییه‌وه ده‌کاته کوردی، (بێکه‌س)یش له ژێر کاریگه‌رێتی ئه‌و شیعره جوان ته‌رجومه‌کراوه‌دا، هۆنراوه‌یه‌ك ده‌نووسێ.(٢)

بێکه‌س دڵی بڕوای نه‌دا خامۆش بێ

له به‌سته‌یا کوردستا فه‌رامۆش بێ،

له ڕووی شیری ڕووتا وه‌ستا و نه‌ڕانی

ئازادیی ویست بۆ گه‌ل و نیشتیمانی.(٣)

گۆران له دیسه‌مبه‌ری١٩٦٠ دا به شیعرێك یادی بێکه‌س ده‌کاته‌وه و پێی ده‌ڵێ: ( تا داری ئازادی به‌سته‌ی سه‌ر زاری کورد بێ، تۆ زیندووی.)یه‌کێك له شیعره جوانه‌کانی گۆران، ده‌قی (هاوڕێم بێکه‌س)ه، که بۆ کۆچی دوایی ئه‌و شاعیره شۆڕشگێڕه‌ی گوتووه:

شاعیرێك بوو، فه‌ننان بوو

ئه‌دای خوڕ، خرۆشان بوو،

به‌شیعری جوان نه‌ڕانی

به یادی کوردستانی.(٤)

به‌هاری ١٩٨٣ که به‌عس یه‌کێتیی نووسه‌رانی کورد هه‌ڵده‌وه‌شێنێته‌وه و شێرکۆی کوڕی بێکه‌س، ده‌چێته ڕیزی یه‌کێتییه کارتۆنییه‌که‌ی ڕژێمه‌وه، هۆگری کوڕی گۆران، له ژێر کارکردی ئه‌و ڕووداوه بۆ ئه‌و چاوه‌ڕواننه‌کراوه‌دا، و به زه‌بری ئه‌و هاوڕێیه‌تییه قووڵه‌ی نێوان باوکیان، ساتیره‌شیعرێك بۆ شێرکۆ بێکه‌س ده‌ڵێت، تێیدا گۆرانی کوڕ، چه‌ند دێڕێك له شیعری (هاوڕێم بێکه‌س)ی، گۆرانی باوکه‌وه، ده‌خوازێ که ئه‌وه ده‌قه‌که‌یه‌تی:

مێشکم ئینته‌لای تووش بوو

ئه‌وه‌نده‌ی شیعری تێ چوو

شیعری جه‌نابت قوربان

ئه‌ی شاعیری میهره‌جان

شێرکۆی کوڕی بێکه‌س بووی

کاك فا یه‌ق هه‌ر تۆی به‌س بووی

به پێچه‌وانه‌ی باوکت

نوێخواز و نوێهه‌وه‌س بووی

هه‌م قۆز و قاره‌کان بووی

هه‌م شیك و میهره‌بان بووی

بۆ هۆنراوه و هونەرت

تانجت خستە سەر سەرت

شێری کۆڕ خرۆشان بووی

لە هەموو کوردستانا

لەناو بیرئازادانا

ئیشارەتیان ئەکردی

زوو زوو ناویان ئەبردی

کەچی ناوەکەت زڕا

گڵۆب بووی، بووی بە چرا

چرا بووی، بووی بە گومڕا

لە پێرار و پارەوە

نرخت هاتە خوارەوە

ئیستیمارەت ئیمزا کرد

بۆ مچە و عەزەی مەلا(٥)

باوکی خۆتت لە بیر چوو

بووی بە نۆکەری کابرا

ئەرێ حەیفت نەکرد، برا؟

هۆگر گۆران١٩٨٣ سلێمانی

سەرچاوە و بەراوێز

(١) **محمد دكروب، تساؤلات أمام الحداثة و الواقيعية في النقد تاعربي الحديث،ص١٨٥دار المدى٢٠٠١دمشق**

(٢) محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم ل٤٣٧بەغدا١٩٨٠چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

(٣) هەمان سەرچاوە، شیعری یادی بێکەس ل٣٣٩

(٤) شیعری هاوڕێم بێکەس، ل٨٣هەمان سەرچاوە.

(٥) مچە: مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، عەزەی مەلا: هێژا: عیززەدینی مەلا مستەفا، (د.عیززەدین مستەفا ڕەسول.)

- ناونیشانی ئەم باسە، لە یەکەمین دێڕشیعری (یادی بێکەس)ی گۆرانەوە وەرگیراوە.

هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنی عومرە

بۆیە فرمێسک لە چاویایە ئەم شیعرە.

©Kurdistan Net